# بەهای دینار لەبەرامبەر دۆلار

02-11-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی لە ماوەی رابردوودا بەردەوام جیاوازی بازاڕ و بانکی ناوەندی بۆ یەک دۆلار لە 10 بۆ 50 دینار بووە، بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵەوە جیاوازییەکە سەروو 100 دینار بووە، هەندێک مانگ گەیشتووەتە 300 دینار بۆ هەر دۆلارێک، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردەکان و زانستی دارایی و بانکی جیاوازییەکە ئاساییە ئەگەر 1 بۆ 5 هەزار دینار یاخود رێژەی 1% بۆ 3% بێت.

## بەرایی

حکومەتی عێراق و بانکی ناوەندی ڕۆژانە ڕێکاری نوێ لەبارەی بەهای دینار لەبەرامبەر دۆلار دەگرنەبەر، بەڵام نرخی دینار جێگیر نییە و، ڕۆژ بەرۆژیش لەبەرامبەر دۆلار لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوو لە دابەزینە، بەشێوەیەک لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا جیاوازی نێوان بانکی ناوەندی و بازاڕ بۆ یەک دۆلار هێندەی ئەمساڵ و مانگی ڕابردوو نەبووە کە گەیشتووەتە 296 دینار بۆ هەر دۆلارێک!

بەپێی داتاکانی [بانکی ناوەندی](#) لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام جیاوازی بازاڕ و بانکی ناوەندی بۆ یەک دۆلار لە 10 بۆ 50 دینار بووە، بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵەوە جیاوازییەکە سەروو 100 دینار بووە، هەندێک مانگ گەیشتووەتە 300 دینار بۆ هەر دۆلارێک، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردەکان و زانستی دارایی و بانکی جیاوازییەکە ئاساییە ئەگەر 1 بۆ 5 هەزار دینار یاخود ڕێژەی 1% بۆ 3% بێت.

بەڕوویەکی دیکەدا، ئەوەی ئێستا لە بازاڕی دۆلارەکان و بەناو "بۆرسەکان" لە عێراق دەگوزەرێت، شتێکی زۆر سادەیە بازرگانانی دینار بۆ دۆلار (ئاڵوگۆڕی دراو) لە بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراق دەسەڵاتیان زیاترە بۆ دەستنیشانکردنی نرخ لە بازاڕ! چونکە نزیکەی 8 مانگە حکومەتی عێراقی بەهای دینار لە بەرامبەر دۆلار بەرزکردەوە، بەڵام لە بازاڕ ڕۆژ بە ڕۆژ دادەبەزێت؟

لەڕووی هەنگاوەکانەوە، کابینەکەی سوودانی لە 7ی شوبات 2023دا یەکەمین هەنگاوی کرداری گرتەبەر، کە نرخی یەک دۆلاری لەبانکی فیدراڵی لە 1450 دینارەوە کرد بە 1300 دینار، ئەویش بەئامانجی بەرزکردنەوەی بەهای دینار بەرامبەر بە دۆلار، ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرەڕای دوو هێندەبوونی ڕێکارەکان، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ جیاوازییەکە زیاتر دەبێت.

لەم ڕۆژانەدا، گوتەبێژی کابینەکەی سوودانی لەنوێترین پێشهات ئاماژەی بەوەکردووە "ئەگەر نرخی دینار لە بەرامبەر دۆلار ناجێگیری زیاتر بەخۆوە ببینێت ئەوا ناچار دەبن ڕاستەوخۆ دۆلار بە هاوڵاتیان بفرۆشن! کە هەڕەشەیەکی ڕوونە لەوانەی ڕۆژانە ملیاران دینار قازانج دەکەن، کە قازانجەکانیان تاوەکو کۆتایی ئابی 2023 گەیشتووەتە [1.9 تریلۆن دینار](#)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێستا حکومەتی عێراق مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ چین بە یوان، لەگەڵ ئیمارات بە درهەم و ئێران بە تمەن دەکات".

لێرەدا هەڵوەستە لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکەین، یەکەمیان بۆچی بەهای دینار لە بازاڕ و بانکی ناوەندی لەیەک دوور دەکەونەوە، لەکاتێکدا دەبێت نزیکی یەکتر بن و جیاوازییەکەیان پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟ دووەمیان جێبەجێکردنی بڕیاری ڕاگرتنی مامەڵەکردن بە دۆلار لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوەی دۆلار بۆ عێراق دەبێت؟ هەروەها تیشکێک دەخەینەسەر بڕیارەکانی بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراقی بۆ مامەڵکردن بە دینار لەنێوخۆدا و چ کاریگەرییەکی لەسەر متمانە بە بانکەکان، گرفتی ئەو کۆمپانیا و دامەزراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیانەی کە مووچەی کارمەندەکانیان بە دۆلار دەدەن. ئایا دەگەڕێنەوە بۆ دابەشکردنی مووچە بە کاش و لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکان یاخود دەرچەی دیکە دەدۆزنەوە بۆ مامەڵکردن بە دۆلار و پێدانی مووچەی کارمەندەکانیان لەڕێگەی بانکەکانەوە؟

## بۆچی بەهای دینار لە بازاڕ وەک بانکی ناوەندی عێراق نییە؟


بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی عێراق لەماوەی 10 مانگی ڕابردوودا (1-1-2023 بۆ 31-10-2023) بانکی ناوەندی عێراق بەشێوەی کاش بڕی (8.244 ) ملیار دۆلار و بەشێوەی حەواڵەکردن بڕی ( 29.955 ) ملیار دۆلار خستووەتەڕوو، لەکاتێکدا لەهەمان ماوەدا لە 2022دا بە کاش بڕی ( 7.613 ) ملیار دۆلار و بە حەواڵەکردن بڕی (35.474 ) ملیار دۆلار بووە.

ئەگەر بڕوانین بۆ ساڵانی پێشووتریش وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە، ئەمساڵ بەرزترین ئاستی خستنەڕوو بە کاش هەبووە کەچی تاوەکو دێت بەهای دینار ناجێگیرتر دەبێت لە بازاڕەکان، چونکە حەواڵەکردن کەمبووەتەوە بۆ نموونە لە 2023دا بە بەراورد بە 2022 لەماوەی 10 مانگ دا حەواڵەکردن بە بڕی 5.51 ملیار دۆلار کەمبووەتەوە، لە بەرامبەردا خستنەڕووی کاش 630 ملیۆن دۆلار بۆ هەمان ماوە زیادیکردووە!

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرەڕای خستنەڕووی زۆرترین کاش لەماوەی 10 مانگی ڕابردوودا بە بەراورد بە 5 ساڵی ڕابردوو کەچی جیاوازی تێکڕای ساڵانەی نرخی دۆلار لەنێوان بانکی ناوەندی و بازاڕ بەشێوەیەکە لە 2023دا بەتێکڕا گەیشتووەتە 200 دینار، لەکاتێکدا لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو لەنێوان 20 بۆ 40 دینار بووە، بڕوانە گرافیکی دووەم لە خوارەوە.

گرافیک 1: خستنەڕووی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق لەماوەی دە مانگی یەکەمی ساڵ دا (2018-2023)


---




سەرچاوە: بانکی ناوەندی عێراق CBI.

تێبینی: ساڵ تەنیا 10 مانگ هەژمارکراوە، بۆ نموونە لە 2023دا لە 1-1-2023 بۆ 31-10-2023.

گرافیک 2: تێکڕای ساڵانەی نرخی 1 دۆلار بۆ دینار لەنێوان بانکی ناوەندی و بازاڕ لە 2018-2023





سەرچاوە: بانکی ناوەندی عێراق CBI.

هەروەها، ڕاستییەکی دیکە پەیوەستە بە کاری بانکی ناوەندییەوە لە عێراق، کە بانکەکە پارێزەری دینارە نەوەکو دۆلار، چونکە ئەویش دۆلار وەردەگرێت و بڕێکی دەخاتەسەر و دەیکاتەوە بە دینار بۆ وەزارەتی دارایی، ئەی بۆچی ناتوانێت بەهای دینارەکەی ئەو بەهایە بێت کە

دایناوە، چونکە ئەمەی ئێستا دەگوزەرێت شتێکی تەواو جیاواز و دەگمەنە، چونکە نابێت جیاوازییەکە بەوشێوەیە بێت و کۆمەڵێک بازرگان لەماوەی کاژێرێکدا ملیۆنان دینار قازانج بکات، وەکو لە گرافیکی سێیەمەدا هاتووە.

گرافیک 3: تێکڕای نرخی مانگانەی دۆلار بۆ دینار لەنێوان بازاڕ و بانکی ناوەندی لە 2018 بۆ 2023




سەرچاوە: بانکی ناوەندی عێراق CBI و بۆرسەی نرخی دراوەکان بۆ 2023.

تێبینی، بۆ نرخی بازاڕ لە 2023دا بۆرسەی بەغداد وەرگیراوە

ئەم دابەزینە بەردەوامەی دیناری عێراقی پەیوەست نییە بە بازاڕە، واتە هیچ پەیوەندییەکی بەو دابەزینەوە نییە لە لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی روویداوە و رۆژانە دەبینین، چونکە ئابووری عێراق تەواو جیاوازە و ئابوورییەکی ئازاد و بازاڕی ئازاد نییە، بەڵکوو تێکەڵەیەکی تەواو جیاواز یاخود نەبوونی سیستەمی ئابوورییە، چونکە کۆمپانیاکانی دەوڵەت گەورەترین سێکتەری بەرهەمهێنان لە وڵاتەکە بەڕێوە دەبەن کە نەوت و گازە و رێژەی 88% کۆی کاڵای هەناردەکراو بۆ دەرەوە پێکدەهێنێت و داهاتەکەی دەگەڕێتەوە دابەشدەکرێت! لەهەمان کاتیشدا ناتوانرێت بگوترێت بازاڕێکی مۆنۆپۆڵکراو و داخراوە، چونکە بازاڕەکە بەشێوەیەک ئازادە ساڵانە بە بەهای ملیاران دۆلار کاڵا لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، کە نرخ و پێکهاتەکەی بەشێوەیەکە کە تێکەڵەیەکی ئۆرجیناڵ، کۆپی و لەبەرگیراوە بە ماددەی نێوخۆ و دەرەکی، هەروەها بە چەند دەیکرێت و بە چەند دەیفرۆشێتەوە ئازادی!


هەروەها، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئازادی ئابووری لە عێراق بەشێوەیەکە کەوا بەپێی دواین [راپۆرتی](#) "Economic Freedom of the World" عێراق لە رێزبەندی خراپترین وڵاتەکان دایە، بەشێوەیەک ریزبەندی 143مین وڵات لەکۆی 165 وڵات وەرگرتووە، کە لە راپۆرتەکەدا، لە 5 رووی جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئابووری وڵاتان کردووە، وەک قەبارەی حکومەت، سیستەمی یاسایی و مافی موڵکدارێتی، هەبوونی پارە، ئازادی بازرگانی لەڕووی نێودەوڵەتی و هەبوونی یاسا و رێساکان، کە عێراق تەنیا لە هەبوونی پارە لە 10 خاڵ 7.53 خاڵ کۆکردووەتەوە باشە، بەپێچەوانەوە لەڕووی سیستمی یاسایی و مافی موڵکداریتی 2.29 خاڵ کۆکردووەتەوە و لەریزبەندی خراپترینەکان دایە و پلەکەی 160 لەکۆی 165وڵاتەکەی جیهان.

لەڕاستیدا، رووەیەکی دیکەی سەرەکی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە بەرامبەر دینار پەیوەستە بە مامەڵەی بازرگانی عێراق بە وڵاتانەوە، بۆ نموونە لە 2021دا عێراق رێژەی 57% هەناردەکردنی بۆ هیندستان و چین بووە، لە بەرامبەردا رێژەی 68.8% هاوردەکردنی لە ئیمارات، تورکیا و چینەوە بووە، کە ئەمە لەهیچ مامەڵەیەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان دەوڵەتان یەکناگرێتەوە و زۆر لاسەنگە. بۆ نموونە ئاڵوگۆڕی نێوان عێراق و ئێران لەوانەیە رووەیەکی سەرەکی دابەزینی بەهای دینار لە بەرامبەر دۆلار لە بازاڕەکان بێت، چونکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی عێراق و ئێران دەگاتە نزیکەی 10 ملیار دۆلار بەبێ سووتەمەنی، کە بەپێی هەموو پێوەرەکان ئێستا تاران نابێت دۆلاری ئەمریکی بۆ بڕوات، ئەی عێراق ساڵانە چۆن نزیکەی 10 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەیە و کاڵا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات پارەکەی دەدات؟ لەکاتێکدا ئاڵوگۆڕەکەش بەشێوەیەکە بۆ نموونە ئێران بە بەهای 8.95 ملیار دۆلار کاڵای هەناردەکردووە و تەنیا بە بەهای 57.4 ملیۆن دۆلار کاڵای لە عێراقەوە هاوردەکردووە ([2018](#) ).

بەپێی ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی و حکومەتی عێراق ئێستا لەگەڵ سێ هاوبەشی سەرەکی عێراق کە ئێران، چین و ئیمارات بە دراوی ئەو ولاتانە مامەڵەی بازرگانی دەکرێت، بەڵام تورکیا کە دووەم هاوبەشی عێراق و لە 2021دا بە بەهای 11.1 ملیار دۆلار کاڵای لێوە هاوردەکردووە، بە لیرە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بۆچی؟ نازانرێت! خۆ ئەگەر بەهای لیرە دابەزیوە و ناجێگیرە، بەهای تمەن خراپترە!

ڕوویەکی دیکەی ئەم جیاوازییە تەواو پەیوەستە بە چاپی دیناری عێراقی و هەبوونی دینار لە بازاڕ لە جیاتی بانکەکان، بۆ نموونە بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی پارەی چاپکراوی عێراقی لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا تاوەکو 31-10-2023 گەیشتووەتە سەرو 100 تریلۆن دینار، لەکاتێکدا لە سەرەتای 2004 دا تەنیا 6 تریلۆن و لە سەرەتای 2019دا 44 تریلۆن دینار بووە. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئەو 100 تریلۆن دینارە نزیکەی 91 تریلۆن لە دەرەوەی بانکەکان و تەنیا 8.3 تریلۆن لەنێو بانکە بازرگانییەکان دایە بڕوانە گرافیکی 4 لە خوارەوە!!

گرافیک 4: قەبارەی دراوی چاپکراوی عێراقی هەبوونی لە بازاڕ و بانکە بازرگانییەکان لە 2004 بۆ 2023



## هاتنەناوەی دۆلار و ڕۆیشتنە دەرەوەی دۆلار لە عێراق

ڕۆژی 5ی تشرینی یەکەمی 2023 حکومەتی عێراق بڕیاریدا کەوا لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە هەموو مامەڵەیەکی دۆلار و بەکارهێنانی دۆلار و دەرهێنانی دۆلار لە ئامێرەکانی پارە راکیشان ATMکانەوە رابگرێت و کۆتایی پێبهێنێت، ئایا ئەم بڕیارەش وەک بڕیارەکانی پێشووە یان دیراسە کراوە، بۆ نموونە باسی کۆمپانیا گەورەکان و وەبەرهێنانە بیانییەکان ناکەین، تەنیا باسی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکان و رێکخراوە مرۆییەکان و رێکخراوە نێودەڵەتییەکانی دیکە دەکەین کە لە دەرەوە پارەیان بۆ دێتەسەر هەژمارەکان و بە دۆلارەو مووچەی کارمەندەکانیان بە دۆلار رێککەوتنی لەسەرکراوە. ئایا لە سەرەتای ساڵەوە چ دەکەن، دۆلارەکە دەکەنەوە بە دینار و گرێبەستەکان هەڵدەوەشیننەوە و دووبارە بە دینار لەگەڵ کارمەندەکانیان دەیکەن؟ ئەی چ لە مووچەی هەموو ئەو کارمەندە بیانیانە دەکرێت کە تەنیا بۆ پێداویستی رۆژانە یاخود بۆ چەند شتێکی کەم پێویستیان بە دیناری عێراقییە، مووچەکانیان بە دینار دەدرێتی یان بە دۆلار، کێ قازانج دەکات لە گۆڕینەوەی دۆلار بە دینار و  دیسان دینار بە دۆلار !

ئەگەر لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، بەدڵنیاییەوە ناسەقامگیرییەکی دیکە دەخاتە بەهای دینار بەرامبەر دۆلار، بە هۆی دروستکردنی شڵەژانێکی گەورە لە بازاڕ و زۆربەی کۆمپانیاکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، چونکە پرسی دابەزینی دۆلار پەیوەست نییە بەم خاڵەوە بەڵکوو پەیوەستە بە  دەرچەکانی دزەکردنی دۆلار بۆ دەرەوە، ئەگەر حکومەت بتوانێت کۆنترۆڵی بکات بەدڵنیاییەوە بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر دراوەکانی دیکەش بەرزدەکاتەوە، چونکە نرخی دینار بەرامبەر دۆلار، ئەو نرخەیە حکومەت دایدەنێت نەوەکو بازرگانەکانی ئاڵۆگۆڕی دراو.

ئێستا رێکخراوەکان و کۆمپانیاکان بەدوای دەرچەی جیاوازەوەن بۆ شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ ئەو گرێبەستانەی بە دۆلار لەگەڵ کارمەندەکانیان کردوویانە، هەر چۆنێک بێت بۆ کۆمپانیا نێوخۆییەکان ئاسانە و رێکاری یاسایی تووندی نابێت، بەڵام بۆ بیانییەکان قورسە و دووبارە کردنەوەی کارێکی بێ سوودە لە دۆلارەوە بۆ دینار لەلایەن ئەوانەی مووچەکانیان دەدەن و دیسانەوە لەلایەن خۆیانەوە لە دینارەوە بۆ دۆلار، کە کەمترینی ئەم گۆڕانکارییانە دەگاتە سەروو رێژەی 3%، واتە نزیکەی 6% بۆ هەر 100 دۆلارێک کە لە هیچ شوێنێکی دیکە نموونەی لەمشێوەیە بەدی ناکرێت.

هەروەها، ئەو رێکارانەی ئێستا لە بانکەکان جێبەجێدەکرێت تەواو جیاوازە، بۆ هەر هاوڵاتییەک مانگانە 13 ملیۆن دینار راستەوخۆ دەتوانێت حەوالەی دەرەوە بکات، گەشتیاری عێراقی دەتوانێت 3 هەزار دۆلار بە نرخی بانکی ناوەندی وەربگرێت، بازرگانان دەتوانن دۆلار بەنرخی بانکی ناوەندی وەربگرن، هەموو ئەمانە هەرچەندە خراپیش بەکارهێنرابێت و دەرچەی جیاواز بدۆزرێتەوە بۆ بەکارهێنانی بەهۆی قۆستنەوەی ئەو جیاوازییەی ئێستا لە نرخی بازاڕ و بانکی فیدراڵی هەیە، بەڵام دیوێکی گەورەی بەیاساییکردنی هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوەی پارەیە لەعێراق، کە نزیکەی دوو دەیەیە عێراق راهاتووە بە ناردنە دەرەوەی دۆلاری ئەمریکی لە دەرەوەی رێکارە فەرمییەکان و بەستنەوەی بە سیستمە دارایییەکانی جیهان وەک سویفت.

## کۆتایی

ڕۆژانی داهاتوو جێگیری بەهای دینار و نرخەکەی بەرامبەر دۆلار سەختدەبێت، چونکە سەرەڕای زیادکردنی رۆژانەی خستنەڕوو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە، بەڵام نرخی دینار لەبەرامبەردۆلار رووی لە دابەزین کردووە، کە ئەمەش خاڵیکی پێچەوانەی رێکارەکان بووە، چونکە دراوی چاپی عێراقی گەیشتووەتە سەروو 100 تریلۆن، ئاڵۆگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران بەردەوامە کە نابێت دۆلاری ئەمریکی بۆ بڕوات کەچی بۆی  دەڕوات، بازرگانەکانی پارە یاری بە نرخەکان دەکەن، چونکە رێژەی 90% پارەی چاپکراوی عێراقی لە بازاڕ دایە.

خاڵیکی دیکەی سەرنجڕاکیش لە خستنەڕووی دۆلار لە عێراق، لێدوانی رۆژی 30ی تشرینی یەکەمی 2023 گوتەبێژی حکومەتەکەی سوودانی بوو کە گوتی " ئەگەر ناجێگیری نرخی دینار بەمشێوەیە بەردەوامبێت، ئەوا حکومەتی عێراق ناچار دەبێت راستەوخۆ دۆلار بە هاوڵاتیان بدات"، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بوو لە کڕیارانی دۆلار لە بانکی ناوەندی و فرۆشتنەوەی لە بازاڕ، کە وەزارەتی دارایی تاوەکو 31ی ئاب 2023 زیانی گۆڕینەوەی دۆلار بەرامبەر دینار لە داهاتی وڵات بە ( 1.9-  ) تریلۆن دینار زیان داناوە، کە پێشتر وادانرابوو کە داهات بۆ عێراق بهێنێت.

لە کۆتاییدا، ناجێگیری و گەڕانەوەی بەهای دینار بۆ نزیک ئەو نرخەی بانکی ناوەندی دایدەنێت بە رێکاری مامەڵکردن بە دۆلار و دینار

لەنێوخۆدا نایەتە دی، بەڵکوو بە ڕێگریکردن لە چوونە دەرەوەی دۆلار بە قاچاخ و نایاسایی دێتە دی. ئەم هەنگاوانەی عێراق بۆ پابەندکردنی کۆمپانیاکان و دامەزراوە تایبەتەکان و تەنانەت هەندێک لە دامەزراوە گشتییەکان بۆ مامەڵکردن بەدینار کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە کێشە سەرەکییەکە لە شوێنێکی دیکەیە نەوەکو مامەڵەی ئەم کۆمپانیا و دامەزراوانە بە دۆلار، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە جیهانێکدا کە بەرەو نەمانی پارەی کاش دەڕۆین تازە بە تازە عێراق خەریکە کۆمپانیاکان ناچار بکات مووچەی مانگانەی کارمەندەکانیان لە جیاتی بانکەکان لە ژوورەکانەوە دابەشبکرێت، وەکو مانگی ڕابردوو کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات لەجیاتی گواستنەوەی پارەی فەرمانبەرەکانی بۆ بانک و دابەشکردنی لەبانکەوە ناچاربوو لە ژووری داراییەوە دابەشی بکات!

ئێستا، ڕاستە کارئاسانی بۆ حەواڵەکردنی دۆلار بە نرخی 130 هەزار دیناری بە هەموو شێوەیەک دەکرێت و لەڕێگەی هەژمارێکی بانکییەوە و بە کەمتر لە کاژێرێک کارەکە ئەنجامدەدرێت، کە هەموو ئەمانەش وادەکات چوونە دەرەوەی دۆلار بۆ دەرەوە زۆرتر و هاتنە ناوەوەی بۆ نێوخۆی عێراق کەمتر بێت، بەڵام یاسایی دەبێت و دەزانرێت بۆ کوێ و بۆچی جوڵە بە دۆلار کراوە؟

## سەرچاوەکان


Economic Freedom of the World in 2021 - Cato Institute

Iraq (IRQ) and Iran (IRN) Trade

https://oec.world/en/profile/bilateral-country/irq/partner/irn

Central Bank of Iraq. (n.d.). *Monetary Sector: Currency.* Central Bank of Iraq. https://cbiraq.org/SubCategoriesTable.aspx?SubCatID=93